سەلمە محمەد رۆبیتان :

# بەهاتنەوەی عەلی جارێکی تر غایلەی گەڕانەوەی براکانمو مێردەکەم کردەوە

دیدار: عومەرمحەمەد

ڕێکەوت 20/ 12/2009

کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ سلێمانی .



سەلمە محمد رۆبیتان لەدایکبووی سالی 1962 ی ناوچەی گەرمیانە، بەرلەپەلامارەکانی ئەنفالی سێ نیشتەجێی گوندی ئۆمەرمل بوون، لەسەرەتای هەشتاکاندا هەرلەوێ لەگەڵ محمد مجید هاوسەرگیری کردووەو خێزانیان پێکەوە ناوە، ئێستا لەشاری کفری نیشتەجێیە .

کە ئەنفال دەستی پێکرد ئەو دایکی 4 منداڵ بوو، کورێک بەناوی شاخەوانو سێ کچی تری هەبوو، لەپەلاماری ئەنفالی سێدا لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەستگیرکراون و لە قۆناغی یەکەمدا لەگوندی ملەسورە کۆیان کردوونەتەوەو دواتر بردویانن بەرەوقەڵای قۆرەتۆی مەیدانو ئەنفالکراون.

سەلمەمحمد باش بەبیری نایەتەوە چەند رۆژ لەقۆرەتوو هێشتوویاننەتەوە، بەڵام پێی وایە ماوەیەکی زۆر کورتی" دو سێ رۆژی" خایاندووەو لەوێ گلیانداونەتەوەو دواتریش بە سەیارەی سەربازی بردویانن بۆ تۆپزاوای لای کەرکوک. لەو دیدارەدا سەلمەمحمد دەڵێ: ئێمە ئازارو رەزالەتیەکی زۆرمان چەشت مەحاڵە بەدەم بگێردرێتەوە، وتی لە قۆرەتووەوە بە مەنشەئەیەک براین، کاتێک سەریان ختین ناویان نوسینو وتیان بەرتان ئەدەین بەڵام درۆیان لەگەڵکردین بردیانین بۆ شوێنێکی زۆر ناخۆش ناوی تۆپزاوابوو.

سەلمە لەوێ حەشاماتێکی زۆری بینیوە کەهەمویان وەکو ئەوان گیراونو دەست بەسەربوون " حەشاماتەکە لەعەقڵا نەبوو" ئەمە ئاماژەی خەڵکێکی لەئەژمار نەهاتووە کەگیراون سەلمە ووتی: لەوێ عەسکەر هاتن پیاوەکانیان جیاکردەوەو هەرلەویا پیاوەکەی منشیان برد) ئەوەی هەتا ئەمرۆ کاری گەریی لەسەر ئەو ژنەماوە شێوازی جیاکردنەوەی پیاوانە لە ژنو منداڵەکان زریکەو فیزاقی ژنو منداڵو ( وەکێڵ هاتن وەپیاوەکانداو بردیانن، من چاوم هەرلەسەر پیاوەکەم بوو هەتاپێچیان پێکرایەوە چاوم تێوەی بوو ئیتر هەر ئەو بردنە بوو رۆیو نەمبینیەوە .

ئەم ژنە گەرمیانیە جگەلە ئازارو خەفەتی مێردەکەی تەواوی خوشکو براکانیی خۆیشی ئەنفالکراون، لەوانە نەخشینو رەنگینو ژیان لەنوگرەسەلمان زیندان بوونو دواتر گەڕاونەتەوە، بەڵام دوبراکەی غالبو بورهان ئەنفالکراونو هێشتا بێسەرو شوێنن، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: ( بورهان برام ژنی نەهێنابوو بەڵام غالب دو ژنی بوو پێنج منداڵی بوو ئەوانیش هەموویان ئەنفالکراونو نەگەڕاونەتەوە)

سەلمە بەهاتنەوەی عەلی جارێکی تر کەڵکەڵەی گەڕانەوەی براکانیو مێردەکەی دەکەوێتەوە سەر هەرچەند لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە تەواو نا ئومێد بووە، بەڵام ئێستا لەوەتای عەلی بەدایکی شاد بووەتەوە جاربەجار ئومێدێک لەناخیدا سەرهەڵدەداو دەڵێ بەشکو ئەمە خوایە ئەوانەی ئێمەش سۆراخێکیان ببێت .

## درۆکانی بەعس :

کە بردویانن بۆکەمپەکەی دبس دیسانەوە درۆیان لەگەڵدا کراوە، پێیان ووتوون پیاوەکانیان بەرداوەو خۆشتان بەردەدەین، بەڵام

هەرگیز ئەو قسەیە راستنەبوو، چونکە لە تۆپزاواوە بردویانن بۆ کەمپێکی تر بەناوی دبس . گواستنەوەو هێنانو بردنی ئەنفالکراوەکان هۆکارەکەی ئەوە بووە کەرۆژانە خەڵکی ناوچەکانی تر گیراونو بەکەمپەکانی کۆکردنەوەدا تێدەپەرینو دەهێنران بۆ تۆپزاوا ئیتر لە تۆپزاواوە دابەشکردن بەرێوەدەچوو زۆربەی گەنجەکان بۆکوشتن براونولەگۆرە بەکۆمەڵەکاندا خۆلیان کراوە بەسەرداو بەجێهێلراون، پیرەپیاووپیرە ژنەکانیشان بەسەر کەمپەکانی دبسو سەلامیەو تکریتدا دابەشکردووە، لەوێوە دیسانەوە زۆربەی ژنەکانیان بەرێگایەکی دورو درێژدا گواستووەتەوە بەرەو نوگرەسەلمان و لەوێ ماوەی شەش مانگ دەستبەسەرکراوەکان، .

لەم کەمپانەشەوە دیسانەوە دەستەبژێرکراونەتەوە بەزۆری ژنانیان لەدبسو ترکریت هێشتووەتەوەو دواتر بەرەو نوگرە سەلمان گواستوویانەتەوە .


## گرێی دەرونی شاخەوان

شاخەوان کوڕی سەلمەی ئەنفالکراوە ساڵی 1987 لەدایکبووە ئەوکاتەی پەلاماری ئەنفالی سێ دەستی پێکرد شاخەوان هەروا ساڵێکو چەند مانگێک بووە، شاخەوانیش وەکو هەموو ئەومنداڵە گەرمیانیانەی بەرپەلاماری ئەنفالی سێ کەوتن ئەنفالکراوەو بەو ناسکیەی خۆیەوە ئازارو ئەشکەنجەی کەمپەکانی قۆرەتو تۆپزاواو دبسو نوگرەسەلمانی بینیوە، بەلام لەبەرمنداڵی هیچ کام لەو رووداوانەی بیرنایە، کە دیدارم لەگەڵدا کرد، هەموو خەمو مەینەتیەکانی ئەورۆژانەم لەچاوانیدا خوێندەوە، بەتایبەتیش ئەو ناعەدالەتیە کۆمەلایەتیەی لەدوای راپەرینو دەسەلاتی خۆماڵیەوە لەهەموو کەس زیاتر کەسوکاری شەهیدانو قوربانیانی ئەنفالی کردووەتە ئامانجو بەرلەهەرکەس ئەوانی قوربانی باجەکەی دەدەن ئاخر هەرهیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەوانیش بوایە نەدەبوو تۆمەتبارانی ئەنفال، لەپێشەوە موستەشارەکوردەکان پلەوپایەی بەرز وەربگرنو ژیانیان چەندین قات لەسەرووی ئەوانەوە بوایە .

ئەوەی هەتا ئێستاش شاخەوانی نیگەران کردووەو نیگەرانی دەکات ئەوەیە کەلەدەمی دایکیەوە بیستوویەتی حەجاجی درندەی عروبە لەنوگرەسەلمان بردویەتیومباوەیەک گرتوویەتیە باوەش بەپێشچاوی ئەنفالکراوەکانەوە و بیرەی کردووە بەدەمیەوە.

### ئاهەنگی هاوسەرگیری

رۆژی ٢٠١٠/٤/١٤ ئاهەنگی هاوسەرگیری بەجێماوانی ئەنفال بوو، ئەگەرچی من



وەک سەرنوسەری ئەنفالستان ویرای دەستخۆشیو پیرۆزبایم لەبیرۆکەی پرۆسەی هاوسەر گیری گەنجانی کەسوکاری ئەنفال ، سەرنجم لەسەر رۆژی مەراسیمەکە هەیە، چونکە بەلامەوەگرنگە

خانەوادەکانی ئەنفال بنیاتبنرێنەوەو لەپێش هەرکەسێکەوە خۆیان هەنگاوی بۆبنێنەوە، لێرەوە پیرۆزبایی لە یەکبەیەکی ئەو بوکوزاوایانە دەکەم، بەهیوام پێکەوە پیروخەڕۆبنو ببینە هاوڵاتی هوشیارو بەئەزمونو بەرهەلستاری هەموو جۆرە ستەم کاریەک.. بەڵام دەلێم خۆزگە لەرۆژی 4/14 دا نەبوایە .. خۆزگە رۆژێک دوای ئەو یادەوەریە بوایە چونکە ئەو رۆژە رۆژی ماتەمینی ئەنفالکراوەکانە، رۆژی رێزگرتنمانە بەماتەمینینەوە، ئەگەرچی جوانترین رێزلێنان لە قوربانیانی ئەنفال خۆشگوزەرانیو دامەزراندنی خانەوادەی کورانو کچانی ئەنفالکراوەکانە بەڵام کورد دەلێن شینو شایی پێکەوە نەکراوە.